# جاش و داهاتووی دۆسیێی ئەنفال ...

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com

جاش وەك ناو وپێکهاتە مێژوویەکی دوور ودرێژی لە فەرهەنگی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئێمەدا هەیە وبووتە ناوێك لەو ناوە قێزەون ومەترسیدارانەی کە بەردەوام لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێمەدا سڵی لێبکرێتەوە . جاش لە بنەڕتدا بە پێی فەرهەنگی زمانەوانی ئێمە واتای بێچوە کەر یا کەری بچوك دێت و دیارەکەریش بەدرێژای مێژووی ئێمە یەکێکە لەو ئاژەڵە بەستە زمان و بێدەنگانەی هەرچییەکی پێدەکرێت گوێڕایەڵە وملکچی خاوەنێتی، لە فۆرمە سیاسیەکیشیدا بەعس هەوڵی دا هەمان مانا ببەخشێتە جاشەکانی بەردەستی و بە شێوەیەکی سیستماتیکیش کاری لە سەرکرد چونکە بەعس گەیشتبوە ئەو بڕواییەی بۆ جێبەجێکردنی پەلاماری سڕینەوە پێویستی بەو تێکەلاّوکردنە نارۆشنە هەیە کە کورد خۆی بۆخۆی ببێتە بەشێك لە تاوانی کۆکوژی خودی خۆی و هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا دەتوانێ لەو ڕێگەیەو بیسەلمێنێ کە ئەوە تەنها عەرەب نەبوو کردەی کۆکووژی ئەنجامدا بەڵکوو خوودی کوردیش بەشێکە لەوتاوانە و بەشداری چالاکی هەبوەو بەشێوەیەك لە شێوەکان تەواوکەری ئەو پرۆژەیە بوو کە لە دیدی بەعسدا پرۆژەیەکی پێویست و گرنگ بو نەئکرا کاری لە سەرنەکرێ و پەراوێزخرێ، ئەمەش بە پشت بەستن بەو دیاردە لە مێژینەیەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی رابردووەوە جاش وجاشایەتی بووەتە دیاردە ونەرێتك لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا ودوژمنان سوودی لێ دەبینن و لە ناووبونە گشتیەکەدا وەك بکەر بەردەوام بە دەستی دوژمنانی خۆیەوە کاری لە سەر خودی ناکۆکیەکانی خۆی کردوەو گرنگیشی بەو کێشە سیاسی و ئەخلاقی و کلتوریانەش نەداوە کە لە داهاتوو یەخەی دەگرێ ، ئەنفالیش کە دواترۆپکی تاوانەکانی بەعس بوو وەك پرۆژەیەك بۆ سڕینەوەی رەگەزێکی جیا لە ڕەگەزی عەرەبی ، پرۆژەیەك نەبوو بە تەنها لە لایەن هێزێکی سەربازی عەرەبیەوە پیادەکرابێ بە لّکوو لە تەوزیفکردنیدا خوودی کورد بەشدارەو داهاتووش کاریگەری خۆی دەبێ لە سەر لایەنی ئەخلاقی و کلتووری خودی کورد و بە فیعلیش ئەم حاڵەتە تا ئێستا کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە هەر ماوە و بەئاسانی نەسڕاوەتەوە چونکە ئەنفال ئەوکاتە مانایی تەواوەتی خۆی وەرگرت کە لە لایەك بێدەنگی لێکرا ولە لایەکی تریشەوە کورد خۆی بەشداربوو لە ئەنفالکردنی خودی خۆی و دەبێ لە داهاتوو بێدەنگبن لە تاوانەکانی خۆیان کە بەرانبەر بە هەندێك پارەو دەسکەوتی مادی چیتر نەبوو ، دیکۆمێنتەکانی بەعسیش باشترین بەڵگەن لە سەر ئەو جاشانەی کە بەشداری ئەو کردەیەیان کردوە و ئەوە دەسەلمێنن کە کوشتن و سەربردنەوەی کورد بە دەستی کورد چەندە پرۆسەیەکی بێماناو کەم بهایەو لە بەرانبەریشدا جگە لە بەخشیش و ئافەرینێکی بێکەڵك بەتاوانەکانیان شتێکی تریان بە دەست نەهێناوە ، تێوەگلاندنی جاشەکان بەو تاوانە بۆخۆی ئەوە دەخاتەوە بیرمان کە ناکرێ لەکاتی بە دادگاگەیاندنی سەرانی ئەو ڕژێمەدا چاو لە بەشداربووەکانی خۆمان بپۆشین و بێدەنگی لێبکەین ، بە هەرحاڵ لە ئێستاشدا کە بەشێك لە سەرانی ڕژێمی بەعس لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراو دوابڕیاری خۆیان وەرگرت و دادگا ناوی کۆمەڵێکی تری لە جاش و تاوانبارانی پرۆسەکە ئاشکراکردوە ، کە بەشێکی زۆر لەو ناوانە لە جاشە کوردەکانن و ئەوانیش لە ئێستادا کەسی ئاسایی ئەم کۆمەڵگایەن و هەندێکیشیان بەرپرسیارێتی حزبیان هەیە لە سەر ئاستی حزبە کوردیەکان هەروا ئاسان نییە مەسەلەکان ڕووکەشانە تەماشا بکرێن و نەخرێنە چوارچێوەی هەستیارترین فۆرمی کاتەوە کە لە ئێستادا دەبینرێت و پێویستی بە چاودێری هەیە بەتایبەتی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەو ڕەوشەی کە کوردی تێدایەو تاڕادەیەك جیاوازە لەڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستایی عێراق. چونکە گەر پێشتر بە بایەخەوە نەماندەڕوانیە پرۆسەی دادگایەکەو ئەو تاوانبارانەی کە لە قەفەسی تاوانباریدا بوون ، ئەوە ئەمڕۆ جیاوازەو کار لە سەر پاککردنەوەی ڕابردوومان دەکرێ و ئەو ڕابردوەش پەیوەستە بە بەشێك لە خۆمان و داهاتوومانەوە کە جاشەکان ڕۆڵیان تێدا بینیوە ، چونکە کۆمەڵکوژی ئەنفال و ئەو پاشخانە ترسناکەی کە ئەنفالی تێدا ئەنجامدرا وەك ئەوەی بینیمان بۆخۆیی پاشخانێکی پڕگرێ وگۆڵە وناکرێ هەڵوێستەی لەسەر نەکەین لەکاتێکدا کە ئەنفال وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵکووژی ترسناك کە لە ئەزموونێکی لە پێشترەوە سەرچاوەی گرتووەو پەیوەندی بە کۆمەڵێك کێشەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە هەیە ولە خۆیدا هەڵگری جۆریکە لە یەکتر کوشتن و ناشرینکردنی پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا ، دیارە ئەوکاتەش کە بمانەوێ قسە لە سەر ئەنفال و تاوانبارانی پرۆسەکە بکەین لە دادگادا وەك

پرۆسەیەکی پاکتاوکاری کە بەعس کاریی لە سەرکرد ، ئەوە پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی تەواو هەیە بۆ نێوو کۆیی کایەجیاجیاکانی زەمەنی ڕوودانی پرۆسەکەو ئەو پاشخانە ترسناکەی کە لێیەوەی سەرچاوەی گرتووەو دواتریش ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە ڕێخۆشکەر بوونە بۆ سەرکەوتنی خودی پرۆسەکەو ئەو هەنگاوانەی کە بەعس لەو کاتەدا هاوێشتوویەتی ، چونکە وەك لە جارێك زیاتر ئاماژەم پێکردوە بەعس بەبێ خوێندنەوەی بۆ ڕەهەندەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە و دەرئەنجام و داهاتووی کلتوری و کۆمەلآیەتی و کاریگەری پرۆسەکە دەستی نەداوەتە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەو پلانەی کە لە ڕابردوودا ئەزموونی پێبەخشیوەو برۆسەی ئەنفالی لێ بەرهەم هێنراوە ، بەتایبەت ئەوکاتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری پێکردنی جاشەکان و تێوەدەگلاندنی خودی کورد ، بەعس لەو کردەیەدا زۆربەباشی لەوە دەگات کە ئەو دەتوانێ لەم ڕێگەیەوە نەوەیەك لەکەدار بکات ولە ڕێگەی ئەوەشەوە جۆرێك لە نائارامی هەمیشەی دەروونی بڕوێنێ وسەرکوتکردنی بێدەربازبوون بکاتە پێوەری مانەوە لە ژیاندا و کلتوری نەتەوەیەکی پێ بارگاوی بکات ، واتا کەسێکی جاش بەخۆیی بزانێ یانە قوربانی ئەو کردەوانەی ڕابردوەو تا ڕۆژیی مردنی لە هەناوی چاوەڕوانی داهاتووی ئەو تاوانە و نائارامی دەرونیدا دەژێت و بەردەوام بیرلە مانەوەی ئەو گرێ دەرونیە دەکاتەوە کە پێوەی بەندە ، ، ئەو گرێیەش لەلایی بەعس خۆی لە ناپاکێتی و دۆڕاندندا دەبینیەوە ، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ کەوتە گێژاوەی دۆڕاندنەوە بیرکردنەوەکان لە یەك دەئاڵسکێن و دەربازبوون دەبێتە حاڵەتێکی چەقگرتوو وکەسی دەرگیر ناتوانێ بە ئاسانی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆیی ، نەگەڕانەوەش کاریگەری نیگەتیڤ بەرجەستە دەکات و دەبێتە هۆکاریی شێواوی کەسی تووش بوو لە بەرانبەر کۆیی پێکهاتەی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگاو ئەو شتگەلەی کە لە ژیانی ئاسایی تاکەکاندا دەگووزرێ ، بەم پێوەرەش دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە بەعس لە تەوزیف کردنی ئەم حاڵەتەدا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەستهێنا و توانی لەو ڕێگەیەوە کۆمەلگایەکی پڕ لە دۆڕاندن و ناپاکی لە ئێمەدا دروست بکات و ڕاستتر کردینیە کۆمەڵگایەکی گرێدراوو بە ڕابردووی ناپاکمانەوە ، ڕابردویەك کە بۆهەمیشە وەك ترس لە دیدوتێروانینی کەسایەتیماندا خۆیی نوێدەکاتەوەو ڕێگەنادا پایەکانی داهاتوومان مەحکەم بکەین لە ئاست ئەو ڕوودا و پێشهاتانەی کە یەخەمان پێدەگرێ ، چونکە تائێستاش هەندێك هەن داکۆکی لە کرۆکی ئەو سێستەمە دەکەن کە جاشی بەرهەم هێناو پێیان وایە گەر جاش نەبووایە ئەوە ئەم ئەزموونە عەنتیکەیەمان بۆ بەدەست نەدەهات و دەبوایە هەر بە شاخەوەبووینایە . ئەگەر چی ئەوان لەپاشی ڕاپەرینی ئازاری 1991 ولە روی یاسایەوە بەر لێبوردنی بەرەی کوردستانی کەوتون ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوانە پاکبوونەتەوە و ڕێگە ناگرێت لەوەی چاومان بە رابردویانەوە نەبێت و ئاماژە بەکردەوەکانیان نەدەین ، هەر چەند دڵنیام زۆر لەوەش زیاتریان کردووە کە ئێمەومانان پێی دەزانین، بۆیە دادگایی کردنی ئەوان زۆر لە دادگایی کردنی سەرانی بەعس گرنگ ترە و پێویستە بە جیا لە دادگایی باڵآی تاوانەکان لە عێراق لە دەستووری تازەی هەرێمی کوردستانیشدا برگەیەك هەبێت بۆ دیاری کردنی چۆنێتی سزاکانی ئەوانە و پلە بەپلە بە پێی رابردویان دیاری بکرێ، ڕێکخستنی ئەمەش بەپێی یاسا بەخشینی جوانترین دیاریە بۆ کەس وکاری قوربانیانی دەستی ڕژێمی بەعس ،ئەگەر چی لە سەرەتای ڕاپەڕین رسیوا نەکران وەکو ئەو فەرەنسی وپۆلۆنیانەی کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا هاوکاری ئەڵمانیاکانیان دەکرد لە دژی خۆیان، بەڵکو وازیان لێ هێنرا و کوتنە بەر لێخۆشبوونی ئەو پێکهاتە سیاسیەی کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا کۆبوبونەوە، کەچی بە پێچەوانەی ئەو لێخۆشبوونەوە بەشێك لەوانە جارێکیتربوونەوە بەخاوەن کورسی ودەسەڵات. و زۆرجاریش نازناوی ( چەکداری شۆڕشگێڕو خەت مایلی شۆڕش ) یان پێبەخشراو بوونە هاوتای ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە ڕابردوو قۆناغ بە قۆناغ شەڕی گەڕاندنەوەی ئەخلاقیاتی کورد بوونیان دەکرد و دەیانویست مانای ڕەسەنایەتی و ئەسالەتی ژیان بگەڕێننەوە . ئەمە لە کاتێکدا کە هەق وابوو دادگایەکی وەك ( نۆرنبێرگ ) بە سزای تاوانەکانیان بگەیەنێت و ڕێگە نەدرایە ئاوا جارێکی تر ببنەوە خاوەنی پلەو پایەی دەسەلآت . بە هەر حاڵ ئەمەش یەکێك بوو لە حیکمەتەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی کە ئەوکات لە سەر حساباتی تەکتیکی سیاسی کاری لە سەرکرا و هەنگاوێکیش بوو بۆ دورکەوتنەوەیان لە بەعس و هاوکات لاوازکردنی رژێم ! بەڵام ئەوان واتا جاشەکان ئەمەیان بە هەلی سەرلەنوێ خۆد پاکردنەوە زانی و بوونە بکەری گەشەدانی حزب و کارەکتەری شەڕی ناوخۆیی و دەم سپی شۆڕش ، کار بەوەشەوە نەوەستا وردە وردە لە پاڵ حزبە بە شەڕهاتوەکاندا بوونە خاوەن ماڵو ڕاپەڕینیان کردە موڵکی خۆیانو لافی کوردایەتییان لێدەداو فۆرمی سەرکەوتنی شۆڕش بوە بەشێك لە فۆرمی قبوڵکردنەوەی ئەوان، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەبری ئەوەی تاوانبارانی ئەنفال وەك روویەکی ئەخلاقی بگەیەننە بەردەم دادگا و لە ڕێگەیەوە مەسەلەکە باشتر بوروژێنن و بناسێنن و ساغ بکەینەوە ، بەپێچەوانەوە بووینە هۆکاری کوشتنی ئەو بیرکردنەوەیەو ڕەهەند و کاریگەری باگراوەندە مەترسیدارەکانیمان فرە ترکردەوەو نەتوانرا ئەنفال وەك مەسەلەی قڕکردنی نەتەوەو میلەتێك لە

سەرئاستی ناوخۆو دەرەوە بناسێنرێ ئەمەش ڕێك و ڕاست لەوەو سەرچاوەی گرت کە ململانێ وکێشمەکێشی ناوپێکهاتە سیاسیەکەی کوردستان و بەتایبەت هەردوو حزبە دەسەلأتدارەکە و هەوڵدان بۆ فراوانبوونەوەی بنکەی حزبی گەیشتە ڕادەیەکی وا کە ستڕۆکتۆری لێکتگەیشتن ئاراستەی خراپ بگرێتە بەرو کار کردن لەسەر تەوزیفکردنی ئەنفال وەك بەربەری ترین کارەسات و پەلامار ببێتە کارکردن بۆ کۆکردنەوەی جاش و تاوانبارانی پەلامارەکە لە دەووری حزب و زۆرێك لە ئەنجامدەرانی نەخشەی پەلاماری ئەنفال لەژێر باڵی خۆیاندا بپارێزن. کاتێ تاوانبارێکی بەشدار لە پرۆسەی ئەنفال دەبێتە قارەمانی نێوو پێکهاتەی حزب و دەسەلأتدار ئیتر چی مانایەك بۆ هەڵویست و خوێندنەوەی ئەو حزب و سەرکردانە دەمێنێتەوە کە دەیانەوێ دادگا سەروەر بێت و بەشدار بووانی پەلاماری ئەنفال بچنە بەردەم دادگا ، لە ئاست حاڵەتێکی ئاوادا بۆ خۆم تووشی کورت بینی دەبم و نازانم چۆنی قسە لەم مەسەلەیەدا بکەم ؟ زۆرجار دەگەمە ئەو بڕوایەی کە هەر ئەمەشە وایکردوە ئێستاش حزبە دەسەلأتدارەکانی کوردستان نایانەوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەوانە ڕاپێچی دادگابکەن ، گەر نا ئەوە چ پێویستیەکمان بەوەیە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی لە بارەوە بکات و پێچەوانە دەبوو بەبێ خۆ تێکدان پۆلیس کەوتبایەتە گرتنی ئەوانە و دادگا تاوانباری و بێتاوانی ئەو جاشانەی یەکلا کردبایەتەوە ، نەك حکومەتێك بێتە هەژان وەك ئەوەی کە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ئاسایشی نەتەوەی ئێمەی خستبێتە بەر مەترسی ، بۆ پەرلەمانی کوردستان لەوە ورد نابێتەوە کە تائێستاش موچەی پێشمەرگەیەك کەمتر لە 100 هەزارەو هاوکاری کۆنە موستەشارێکیش زیاتر لە 2000 دۆلار. زەوی شۆڕشگێرەکان (5 ) هەزاردۆلار دەکاتو زەوی ئەوانیش (70000) دۆلار. کوڕی شەهیدان و پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال وپێشمەرگە کۆنەکان هیچ بڕوانامەیەکیان بە دەستەوە نیە و کەچی کوڕی ئەوانیش لە شوێنە هەستیارەکان و لە کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاری ئەخوێنن . خێزانێکی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی لێی دەکات بە شێرپەنجەو کابرای (کۆنە جاشیش) لە سەر ئەرکی فلأنە حزب گەشتێکی حول العالم ئەکات شەهیدێکی سەنگەر 300 هەزار مووچەی بە ڕەوا پێنابینرێ کەچی گەورە جاشێکی کوژراوو مووچەی 10 شەهیدی سەنگەری پێدەدرێ . بەڕاستی سەیرە ، ئەمە جگە لەوەش کە رەنگە وا رێك کەوتبێت رۆژێك لە رۆژان دایکی خێزانێکی ئەنفالکراوو کە خودی بەرپرس کە کۆنە جاشێکە دابێتیە دەستی بەعسەوە ، رۆشتبێتە خزمەتی جەنابی و رێزی نە گرتبێت و شەهیدانەی خێزانەکەی پێڕەوا نەبوو بێت ! یان کوڕی پاشماوەی ئەنفالێك ،لەکاتی دامەزراندنیدا یەکێك لەوانە ئەو دامەزراندنەی پێ باش نەبووبێت بۆی تەواو بکات وفایلەکەی داخستبێت ! بۆیە پێموایە گەر پەرلەمانی کوردستان کار لە سەر ئەم مەسەلەیە بکات بۆ خۆی سەرکەوتنی باشتر بە دەستدەهێنێ وتا ئەو سنورەش بەدەنگهاتن نەنگی نابێ بۆپەرلەمان کە لەئاست ئەم بابەتە هەستیارەو بابەتەکانی تر بێتە دوان و ئەو ناتەندروستی و چەوتییەیی هەڵوێست و بینینی حزبەکانیان بۆ ئەنفال ساغ کەنەوەو بیخەنە سەر ئاراستەی تەندرووستی خۆی کە تائێستاش بە ئاراستەی ململانێ و کێشمەکێشدا دەڕواو نەکەوتۆتە سەر هێڵی ڕاست ، بەپێچەوانەوە لەوە بترازێ ئەوانیش دەبنە شەریکی ئەو نالۆژیکی و نابابەتی بوونەی خوێندنەوەو بینین و هەڵوێستی حزبەکانیان و بەقەد ئەوان بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن. ناکرێ لەم نێوانەدا ناکارایی حکومەتیش لەبیر بکەین، چونکە هەر ئەو ناکارایی و بێدەنگییەیی دەرەوەی ئەوانە کە زۆر جار دەبێتە هۆکاری بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی ئەو شێوە بینین و خوێندنەوە چەوتەی کە حزب ئاوها ئەنفال و باگراوەندە فرە ڕەنگەکانی وێنا دەکەن یاخود بەئاراستەی بەرژەوەندی تەسکی حزبیدا وەری دەچەرخێنن و دەیانەوێ شتێك بە کەسە ڕابردوو ناپاکەکانی خۆیان بڵێن کەلە داهاتوو کاریگەری نەبێ لە سەریان . هەر ئەم هۆکارو فاکتەرەشە وای کردوە تا ئێستاش کۆدەنگییەك لە ناوو حزب و حکومەتی کوردستاندا نەیەتە گۆڕێ لەسەر بەدادگاگەیاندنی تاوانبارەکوردەکان کە لە پەلاماری ئەنفالدا ڕۆڵی بەرچاوو مەترسیداریان هەبووە سەدان کەسیان داوەتە دەستی هێزی سەربازی ڕژێمی بەعس ، گەر کەمێك وردتر تێبینی بکەین دەبینی تا دادگایی باڵای تاوانەکان لە عێراق مەسەلەکەی نەوروژاند ، هەر حزبە و بە جۆرێك کەخزمەتی سیاسەت و بۆچوونەکانی بکا قسەی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرد و دانی بەوەدا نەدەنا کە ئەو چەتری سەر سەری بەشێکە لەو تاوانبارانە و ئەگەر بەرژەوەندی حزبەکەش وای نەخواستبێ کە قسەی لۆژیکی بکا ، ئەوا ئەندامەکانی لە هەر مەحفەلێکدا بووبێ خۆی لێپاراستوەو دوور کەوتوەتەوە لەو ڕاستیە و هەوڵنەداوە ڕاستی مەسەلەکان وەك خۆی لە سەر ئەرزی واقیع تەوزیف بکات ، بەتایبەت لە مەڕ مەسەلەی بەشداری جاش و موستەشارەکان لە پەلاماری ئەنفالدا کەوەك ئاماژەم بۆکرد تێوەگلاندنیان هەروا مەسەلەیەکی لاوەکی نەبووە بە قەد ئەوەی کە مەبەستێکی لە پشتەوە بووەو هاوکات نەخشەی بەشداری پێکردنکەش لە رەهەندی خۆییدا ئەمڕۆی لە بەرچاوو گرتووە بەوەی گەر ڕۆژێك بەعس لە پایی گەورە تاوانێکی ئاوا هێنرایە بەردەم دادگا کوردیش بۆخۆی بەشێك بێت لە دادگایی کردنی خوودی خۆی وەك ئەوەی کە بەشدارە لە پەلاماری خۆ سڕینەوەو خود جینۆسایددا ، بۆیە بڕوام وایە بۆ

خۆپاكردنەوە لەو خۆ سرینەوەیە وخۆ جینۆسایدكردنەش ئەوەیە كە چۆن ئەوانەی دەچنە بەردەمی دادگا وەك تۆمەتبار داوایی لێبوردن لە پاشماوەكانی قوربانیانی گەلەكەیان بكەن وهاوكات لە گەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی سەلماندنی ناپاكیانەوە دان بە تاوانبار خۆیاندا بنێن وبەردەوام لە ڕێگەی جۆراو جۆرەوە ئەو ڕاستیە بگەیەننە پاشماوەكانی قوربانیان و هەوڵبدەن خۆیان پاك بەكەنەوە و ڕووی بەعس و سەرانی ڕژێمەكەی پێ ڕەشكەن. ئەمەش بۆ كەسێك كە پیاوی ڕژێمێكی ئاوابووە شەرم و شورەیی نییە گەر لەبەرامبەر وها تاوانێك هەڵوێستە بكات كە یەكێك بوە لەوانەی بە هەرجۆرێك بوبێ بەشداری پەلاماری ئەنفالی كردوەو ئەمەش پەڵەی ڕەشە بە توێڵیەوە و تاهەتایە بەزیندوویی دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە ، ئەگەر جاشەكان لە بەردەم دادگادا ئەخلاقی خۆیان بگرنەوەو ئەو تاوانە لە زمانی خۆیانەوە ئاوا بەخەنە روو باشترین ئەخلاق بۆ داهاتووی خۆیان و نەوەكانیان دەستەبەردەكەن و لە بەرانبەریشدا دەبنە كەسی مەعنەوی لە داهاتووی دۆسێی ئەنفالدا بۆ سەلماندنی گەورەتاوانێك كە بەعس لە ماوەی دەسەڵاداریێتی خۆیدا وەك ڕژێمێكی تۆتالیتێر ئەنجامی داوە ، پێچەوانەش بێ دەنگبوون لەئاستی وەها مەسەلەیەكدا ، دووبارە تێكەڵ بوونەوەی خۆیان دەسەلمێنێ لە گەڵ ئەنجامدەرانی ئەوتاوانە ، چونكە پاش تێپەڕبوونی زەمەن و ئاڵوگۆڕی كات نەوەی نوێ ناتوانێ ئێوە وئەوان لێك جودا بكاتەوە، بەریسوانەكردن وجیانەكردنەوەی ئەو خاڵەش ، ناسنامەی جاشێتی وسیخوربوونیان تێكەڵ بەشوناسی بەعس دەبێت وبەم كردارەش جارێكی ترخۆیان ونەوەكانیشیان دووچاری ناشرنییەكی گەورە تردەبن و كەس ناتوانێ ئەخلاقی پاكێتیان بۆ بگێڕێتەوە  كە لە ڕابردوودا بەرەی كوردستانی بە شێكی بۆگەڕاندنەوە ...